

لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

مێژووی فەلسەفەی سیاسی

لەسەردەمی یۆنانەوە تا ئەمڕۆ

Understanding the philosophers political
From ancient to modern times alan Haworth
Routhedge – London , 2004 p. 304

نوسەری ئەم کتێبە پرۆفیسۆر ((ئالان هاورس))ە. ((هاورس)) مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی لەندەن و لەوێدا وانەی (فەلسەفەی سیاسی و ئاکارناسی و مێژووی بیر) دەڵێنەوە. خاوەنی چەندین کتێبە، لەوانە: (فەلسەفە و ئەفسانە 1994)، (گوناری ئازاد 1998).

لەم کتێبە نوێیەیدا باس لە مێژووی فەلسەفەی سیاسی لە سەردەمی یۆنانەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەکات. کتێبەکە کراوەتە سێ بەش و هەر بەشێکشیی لە چەند نەسکێک پێکهاتووە. بەشی یەکەم باس لە بڕیارە مەزنەکانی ئەسینا دەکات، واتە ((سوکراط و ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ)). پاش ئەوە نوسەر دەپرسێت: (دواتر چی ڕووی دا؟). لەوە بەدواوە باس لە دواین گۆڕانکارییەکانی فەلسەفەی سیاسی دەکات، لای بیرمەندانی یۆنانی دوای ((ئەرەستۆ)) و هاوکات باس لە ڕۆمانەکانیش دەکات، کە دوابەدوای ئەوان دێن.

(ئەقڵ و شۆڕشەکان)، ناونیشانی دووەم بەشی کتێبەیەکەیەو بەسەر چەند نەسکێکدا دابەش بووە. نەسکی یەکەم، باس لە فەیلەسوفی ئینگلیزی ((تۆماس هۆبس)) و سەفەرکردنی ئەو بۆ پاریس دەکات. لە نەسکی دووەمیشدا نوسەر دێتە سەر خستنەڕووی تیۆرەکەی ((هۆبس)).

هەرەوها ناونیشانی نەسکی سێهەم بەمجۆرەیە: (جۆن لۆک و سستمی نوێ). لە چوارەم نەسکدا، نوسەر بەردەوامە لەسەر قسەکردنی دەبارەی ((جۆن لۆک)) و تیۆریاکەی سەبارەت بە موڵکایەتی. هەرچی نەسکی پێنجەمیشە، ئەوا ئەرخانە بۆ ((جان جاک ڕۆسۆ)).

بەشی سێهەم و کۆتایی کتێبەکە بەناوی: (سەردەمە نوێیەکان و بابەتە نوێیەکان)ەوەیە. لەم بەشەدا نوسەر دێتە سەر باسی فەیلەسوفی ئینگلیزی ((جۆن ستیوارت میل)) و تیۆریاکەی دەربارەی پراگماتیزم و لیبرالیزم و پاش ئەوە قسە لە ((مارکس)) و مارکسیزم دەکات.

نەسکی دوای ئەوە ئەرخانە بۆ فەیلەسوفی هاوچەرخی سیاسی ((جۆن ڕۆڵس)) و تیۆریا بەناوبانگەکەی لەمەڕ (دادپەروەری). دواجار کتێبەکە بەم پرسیارە کۆتایی دێت: (پاش ئەوە چی ڕوویدا؟). لەوێدا باس لە ئەو دواین مشتومڕانە دەکات، کە ئایبەتن بە فیکری سیاسی لە ئەوروپا و ئەمریکادا. ئەمە سکێچێکی گشتی کتێبەکەیە و ئێستا هەوڵ دەدەین بچینە ناو وردەکاریەکانییەوە.

هەڵبەتە یەکەمین بیریاری سیاسیی ((ئەفلاتۆن))ە و لەو بوارەدا دوو کتێبی سەرەکی هەیە کە بریتین لە: (کۆمار و یاساکان). یەکەمیان لە ناوەڕاستی ئەمەنیدا نووسیووە، بەڵام دووەمیانی وەختێک نووسیویە، کە چووبووە ئەمەنەوە. سیاسەت بەپێی پێناسەی ((ئەفلاتۆن)): (بریتیە لە پەروەردەکردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی و ئەو هونەرەیە کە بەهۆیەوە دەتوانین ڕێنوێنیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێبکەین و دیسپلینیشیان بکەین .. هەڵبەتە دەکرێت لە ڕێی زەبروزۆر و ئەنانەت ئەند و ئیژیشەوە ڕێبەرایەتی مرۆڤ

بکەین، بەڵام دەکرێت بەپێی خواست و ویستی خۆشیان ئەوکارە ئەنجام بدەین).

((ئەفلاتۆن)) حوکمکردنی مرۆڤ لەڕێی بەکارهێنانی هێزەوە ناو دەنێت سنەمکاری، بەڵام حوکمکردنیان بە چاکی و لەڕێی قەناعەت پێکردنەوە ناو دەنێنە سیاسەت. کەواتە سیاسەت بەبۆچوونی فویلەسوفێکی وەکو ئەو، برینیە لە حوکمکردنی مرۆڤ بەویستی خۆی و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵیدا.

سیاسەتمەداریش ئەو کەسەیە دەزانێت وا بکات، واتە بەچاکی لەو هونەرە قورسە شارەزا بێت.

بە بۆچوونی ((ئەفلاتۆن)) پیاوانی ئایینی لەخوار سیاسەتمەدارانەوەن. ئەمەش بۆچونێکی زۆر بوێرانەیە، بۆ ئەو سەردەمەی ئەو کە بڕوای بە سەرچاوەی ئیلۆلۆژی و ئایینیانەی دەسەڵات هەبوو. ئەمەش دەریدەخات کە ڕەنگە ((ئەفلاتۆن)) لەزۆر رووەوە عەلمانی بوبێت.

بەلای ئەوە باشترین حوکمڕانی، حوکمڕانی فەیلەسوف و حەکیمەکانە. ئەوانەی دەزانن کاروباری خەڵک بەڕێوەبەرن و دادپەروەرانە ڕەفتاری بکەن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، فەیلەسوفان بەدەگمەن دەگەنە کورسیی حوکمڕانی. هەندێ جار نەزان و گەمژە و سەرەڕۆیانە دەگەنە

((ئەفلاتۆن)) حوکمکردنی مرۆڤ لەڕێی بەکارهێنانی هێزەوە ناو دەنێت ستەمکاری، بەڵام حوکمکردنیان بە چاکی و لەڕێی قەناعەت پێکردنەوە ناو دەنێتە سیاسەت

ئەو پلەوپایە، بەڵام جاری واشە، گەورە پیاوانی وەک ((چەرچل)) لە بەریتانیا و((شارڵ دیگۆل)) لە فەڕەنسا و ... هند، ئەو پۆستە دەگرنە دەست.

دوای ((ئەفلاتۆن))، ئەفلاتۆن نوسەر دێنە سەر شرۆڤەکردنی ئیۆریاکەی ((ئەرەستۆ)) دەربارەی سیاسەت و دەڵێن: (لە ساڵی 377 پ.ز ئەفلاتۆنی یۆنۆ بیست، نائومێد بوو لە هاتنە سەرکاری فەرمانڕەوای دادپەروەر و دانا، پاش ئەوەی نەیتوانی دیکتاتۆرەکانی سقلیە والێبکات، تا بە فەلسەفە ئاشنابن، بەمجۆر بە ئێکشکاوی و نائومێدیەکی قوڵەوە، دەگەڕێنەوە ئەسینا).

بەڵام دڵخۆش بوو بەوەی، کەبینی چەند خوێندکارێکی لە چاوەڕوانی ئەودان و یەکێکیان بلیمەتی و زیرەکی پێوەدیار بوو، ئەو کەسەش ((ئەرەستۆ)) بوو. ((ئەرەستۆ)) ماوەی بیست ساڵ لە ((ئەفلاتۆن)) دوورنەکەوتەوە، بۆئەوەی فەلسەفە و دانایی لێوە فێر بێت. دواتر خۆی بووە مامۆستا و ئەنانەت وای لێهات لەسەرگرتنی لوتکەی مەعریفە، بووە گەورە ڕکابەری ((ئەفلاتۆن)).

((ئەقلاتۆن)) چەند یۆتۆبی و میسالی بوو، «ئەرەستۆ» ئەوەندە واقعیی و مادی بوو. یەکەمین خەسڵەت و تایبەتمەندیی ((ئەرەستۆ)) واقعیەت بوو. ئەو مێودەی بەسەر زانستە سروشتییەکاندا پراکتیزەی دەکرد، بەسەر زانستە مرۆڤایەتیەکانیشدا دەیکرد.

بەرهەمە سیاسییەکانی ((ئەرستۆ)) لەڕووی ڕیزبەندییەوە، پاش بەرهەم مۆراڵی و تابورییەکان دێت. ئەمەش مانای وایە، کە پەیوەندی لە نێوان سیاسەت و مۆراڵ و تابوریدا هەیە. بەبۆچوونی ئەو، سیاسەت بەبێ مۆراڵ، مانایەکی نییەو بێ بەهایە. ((ئەرستۆ)) وەک ئەواوی فەیلەسوفانی بەرلەخۆی، پێیوابووە، تامانجی سیاسەت ئەوەیە مرۆڤەکان والێبکات چاکەکار و

سەرڕاست و دەستپاک بن.

وانە پێویستە سیاسەت ملکەچی مۆراڵ بێت و لێی دانەبڕێت. نەک بەپێچەوانەوە، وەک هەلپەرست و پراگماتیکەکان پێیانوایە.

((ئەرەستۆ)) بەم جۆرە پێناسەی سیاسەت دەکات و دەڵێت: (برینیە لە هونەری ڕێبەرایەتیکردنی دەستەجەمعیانەی مرۆڤایەتی. هەر کەسێکیش لە سەرکردایەتیکردنی خەڵک و کۆمەڵگە بزانێت، دەکرێت بە سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو بدرێنە قەڵەم. ئامانج لە سیاسەت بەختەوەرکردنی مرۆڤە، لەڕێی حوکمکردنیان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

بەختەوەریش وانە قوناربوون لە سەرقاڵی و خەمە لاوەکییەکان و پەیداکردنی بژێوی ژیان، ئەوانەش ئەو شتانەن، کە سیاسەتی چاک بۆ کۆمەڵگەی دەستەبەر دەکات.

دوای ئەوی لە خەمی شتە ماددییەکان دەبینەوە، دەکرێت خو بدەینە چێژە فیکری و ئێرامانە فەلسەفی و ڕوحانییەکان. مرۆڤ مادامەکی گرفتاری کێشەکانی ژیان و پەیداکردنی نان و ئاو بێت، ناتوانێت خۆی بۆ مەسەلە بەرزو باڵاکان تەرخانبکات).

((ئەرستۆ)) پێیوایە سێ مۆدێلی حکومەت هەیە، حکومەتی تاکەکەسی، کە ئەمەیان حکومەتی ستەمکاریە، لەگەڵ حکومەتی کەمینە کە ئۆلیگارشی پێدەوترێت، هەروەها حکومەتی زۆرینە کە بە دیموکراسی ناودەبرێت.

بێگومان ئەمەیان چاکترین جۆری حکومەتە، لەبەرئەوەی بوار بەزۆرترین ڕێژەی خەڵک دەدات تا ڕاوبۆچونی خۆیان لەسەر مەسەلە گشتییەکان دەبڕن.

پاشان ((هاورس)) دێنە سەر سەردەمە نوێیەکان و لەلای سێ تیۆرسینی گەورە کە برینین لە : ((ئۆماس هۆبس و جۆن لۆک و جان جاک ڕۆسۆ)) هەڵوەستە دەکات. سەبارەت بە ((هۆبس)) دەڵێت: (لە سەردەمێکی دژوار و ناهەمواردا ژیاو ترسێکی زۆری لە ژیانی خۆی هەبوو، ئەمەش وایکرد تیۆریا سیاسیەکەی لەژێر کاریگەریی ئەو هەلومەجەدا بێت کە تیایدا ژیاوە.. ئەو بەردەوام لە داڵغەی ئەوەدا بووە، لەلایەن توندڕەوە مەسیحییەکانەوە تیرۆر بکرێت و لەناوببەرن).

دەربارەی ((جان جاک ڕۆسۆ)) ش، دەڵێت: (ئەو بو ڕەخنەکردنی سستمی فیودالی کۆنی مەسیحی دەستی پێکرد، دوای ئەوەش تیرمی ئیرادەی گشتی هێنایە ئاراوەو مەبەستیشی لەو تیرمە، ئەوە بوو، هەریەکە و دەستبەرداری بەشێک لە ئیرادەی خۆی دەبێت، لەپێناو ئیرادەیەکی بالاتردا، کە ئیرادەی گشتییە. کەوانە ئیرادەی گشتی برینییە لە گردبوونەوی ئەواوی ئیرادەکانی ناو کۆمەڵگە و ئەوەش لە دەوڵەت و دەسەڵات و یاساکاندا بەرجەستە دەبێت. کەوابێت مرۆڤ بە خواستی خۆی گوێڕایەڵی دەسەڵات دەکات،

سوکرات


هوبز

لەبەرئەوەی ئیرادەی ئێکەڵ بە ئیرادەی گشتی دەبێت و بەشداری لە دروستبونیدا دەکات. دەسەڵاتیش لە سیستەمی حکمڕانیی نوێدا وەکو ئەوەی ڕۆسۆ خەونی پێوە دەبینی، دەسەڵاتێکی ڕەهاو هەتاهەتایی نییە، بەڵکو بەردەوام یان ناوبەناو لە گوڕاندایە. بە ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنێکی گشتی، دەسەڵاتێکی تازە دێتە تاراوە، یاخود دەرفەتێکی تر بە دەسەڵاتی پێشوو دەدرێت، تا ماوەیەکی دیکە لە حوکمدا بمێنێتەوە. کە واتە ئەوە هاووڵاتیانن، کە لەڕێی دەنگدانەوە، دەسەڵات دروست دەکەن و ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێرن).

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کەسی فەرمانڕەوا بێ ڕاوێژکردن و وەرگرتنی ڕای خەڵکی، خۆی بەسەر هەمواندا دەسەپاند و دەسەڵاتی دەگرتە دەست، بەڵام لەسەردەمی تازەدا گەل دەتوانێت کەسی فەرمانڕەوا، هەڵبژێرێت یاخود لەسەر کار لایبەرێت. ئەم پرۆسەیەش تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمی فیکری ((جان جاک ڕۆسۆ))یە و ئەو مۆدێلەیە، کە بە حوکمی گەل یان بە حکومی دیموکراسی ناوزەند دەکرێت و لە سەردەمی ((ئەرسنۆ)) و لە شاری ئەسینادا بەرقەرار بووە.

بەڵام دیموکراسی ئەوکاتە تانەواو بوو، لەبەرئەوەی دەنگدان بە ئەنها مافی پیاوە ئازادەکان بوو، ژنان و خزمەتکار و کۆیلەکان بۆیان نەبوو بەشداری ئەو پرۆسەیە بکەن، بەڵام ئەو هەلومەرجە لەسەردەمی نوێدا گۆڕاو مافی دەنگدان درابە هەموو کەسێک، ئەگەرچی ژنانی فەڕەنسا لە ساڵی 1945 و لەسەردەمی ژەنەڕاڵ ((دیگۆل))دا ئەو مافەیان پێبڕا. بەرلەوە لە فەڕەنسا ئەنها پیاوان مافی دەنگدانیان هەبوو.

هەر لە درێژەی بۆچونەکانیدا و لەم کتێبەیدا، ((ئالان هاورس)) دەڵێن: (سستەمی نوێی دیموکراسی هەروا بە ئاسانی لە ئەورووپادا نەچەسپی و زیاد لە جارێک هێزە کۆنسیرڤاتیڤ و کۆنەپارێزەکان هەوڵی ئەویاندا کودەتای لێ بگێڕن، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم نەبێت لەو کارەیاندا سەرکەوتوو نەبوون.

دواجار و بەتەواوەتی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، دیموکراسی لە فەڕەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیادا سەرکەوت. هەرچی ئیسپانیاشە درەنگتر دیموکراسیی پێگەیشت و پرۆسەی ئەوکات سەریگرت، کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، فرانکۆی دیکتاتۆر مرد).

کەواتە دیموکراسی پرۆسەیەکی درێژخایەنە و ناکرێت لەشەو و ڕۆژێکدا بێتەدی. هەڵبەتە چەند مەرجێک هەیە پێویستە لە تارادا بێت بۆ ئەوەی دیموکراسی بە فیعلی بچەسپێت کە گرنگترینیان بریتیە لە: (هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر و

قەلاچۆکردنی نەخوێنەدەواری و نەزانین. لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاسنی بژێوی و چاککردنی ڕەوشی ئابووریی خەڵک، چونکە هەژاری دوژمنی دیموکراسیە.. ئەگەر ئابووریەکی بەهێز لە ئارادا نەبێت، ئا پشتیوانی لە سستەمی دیموکراسی بکات، ئەوا دوای ئەقینەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەرەس دێنێ و پشێوی دەسنپێدەکات و شۆڕشی برسییەکان بەرپا دەبێت).

ئەورووپا زۆربەی بەدەست ململانێی نێوان ڕێبازی فیودالی کۆن و ئاقاری لیبراڵیزمی دیموکراسیی نێوە چەشنەوە دەناڵێنی. ئەواوی مێژووی شارستانیەتی ئەورووپا لە سەدەی حەڤدەهەمەوە، بریتییە لە ململانێی بەردەوام و ئاگربڕی کاتی لە هەندێ قۆناغدا، لە نێوان ئەو دوو ئاقارەدا. گەورە فەیلەسوف و ئەدیب و شاعیرانی ئەورووپاش، لەو ململانێیەدا بەشداربوون. لەوانە دەتوانین ناوی ((سپینۆزا و ئۆماس هۆبس و جۆن لۆک و ڤۆلتێر و جان جاک ڕۆسۆ و کانت و هیگڵ و ڤیکتۆر هۆگۆ و ... هتد))، بهێنین.

ئەوانە بوون ئوانیان میللەتەکانیان وشیاربکەنەوە و لەدەست نەزانین و دەمارگیری ئایینی و کێشە مەزهەبی و خێڵەکییەکان ڕزگاریان بکەن، بەڵام لەو کارەیاندا ڕووبەڕوی پیاوانی ئایینی بوونەوە.

وەکی ئاشکرایە پاپاکانی ڕۆما، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دژایەتیکردنی

دەسەڵات لە سیستەمی حکمڕانیی نوێدا وەکو ئەوەی ڕۆسۆ خەونی پێوە دەبینی، دەسەڵاتێکی ڕەهاو هەتاهەتایی نییە، بەڵکو بەردەوام یان ناوبەناو لە گوڕاندایە. بە ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنێکی گشتی

ئایدیا مۆدێرنەکانی وەک: (لیبراڵیزم و دیموکراسی و سۆسیالیزم و ... هتد)، هەبوو. کڵێسا لەدژی ئەوانە فتواگەلێکی داو ئەوانەی لە خانەی کوفر و بیدعە و گومڕایدا پۆلێنکرد.

ئەو حاڵەتەش تا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو، دوای ئەوە پاپا لە ڕۆما کۆنگرەیەکی گەورە بۆ پیاوانی ئایینی مەسیحی سازدا و هەموویان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی، ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی لە بیروباوەڕیاندا ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆحی سەردەمی نوێدا بگونجێت و تاهەتایە لەگەڵیدا لە حاڵەتی پێکدادانـدا نەبن. لەو کۆنگرەیەدا پیاوانی ئایینی مەسیحی، بە کۆمەڵە بڕیارێکی گرنگ و بوێرانەوە هاتنە دەرێ، تا لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی سەردەمدا بگونجێت. هاوکات چەند بیروبۆچونێکی سەرەکیی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی ئەقڵانیان پەسەند کرد.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی (البیان)، پاشکۆی (بیان اکک).